ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

20

25 ی ئەیلول / سێپتەمبەر 2021



## ترس لە بەشداری نەکردن!

**موحسن کەریم**

حزبە وورد و درشتەکانی بۆرژوازی کورد، هەڵمەتێکی پروپاگەندەی حەقیرانەیان دەست پێکردوە دژی خەڵکی نارازی و تورەی کوردستان لە دەسەڵاتی میلیشیایی کوردایەتی، کە ٣٠ ساڵە بێجگە لە هێنانی کارەسات و تاڵانکردنی پارووی دەمی منداڵان و پایەماڵکردنی هەموو مافە سەرەتاییەکان و خزمەتگوزاریە گشتی و پێویستەکانی خەڵک، شتێکی دیکەیان بۆ خەڵکی کوردستان بەدیاری نەهێناوە، لەبەرامبەریشدا ژیانی شاهانەیان بۆ خۆیان و خێزان و نەوەکانیان دەستەبەرکردوە!

حزبە دەسەڵات بەدەستەکان ئەوە بە خەڵک دەڵێن کە پێویستە بەشداری لەم هەڵبژاردنەدا بکرێ، چونکە ئەگەر نوێنەرانی کورد لە بەغدا کەم بێتەوە، واتە لەراستیدا ئەگەر ژمارەی کورسیەکانی خۆیان کەم بێتەوە، ئەوا مەترسی لەسەر مافە نەتەوەییەکان و ئاییندەی سیاسی کوردستان دروست دەبێت! ئەوان دەیانەوێ وا بە خەڵک نیشان بدەن کە کە ئەوانەی لە بەغدا دانیشتوون دوژمنی کوردن و ئەمان دەچن لەوێ شەڕ لەسەر مافەکانی خەڵکی کوردستان دەکەن لەگەڵیان، بەڵام ئەوەی ڕاستیە و هەموو منداڵێکی کوردستان دەیزانێت ئەوەیە کە ئەوان لەگەڵ ئەو دوژمنانەی خەڵکی کوردستاندا خەریکن داهات و سامان و پلەو پۆستی حکومەت و وەزارەتخانەکان بەش دەکەن! شەڕی ڕاستەقینەی ئەم حزبانە لەگەڵ خەڵکی کوردستاندایە نەک لەگەڵ دەسەڵاتی

بۆ لاپەڕە 2

**بەیاننامەی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و کوردستان سەبارەت بە هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق**

لە لاپەڕەی (٩)دا بخوێنەرەوە



## شکستهێنان بەم هەڵبژاردنە ئەرکی جەماوەری نارازیە!

**عوسمانی حاجی مارف**

بۆ لاپەڕە 3



## گفتوگۆی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر لەگەڵ خەسرەو سایە سەبارەت بە هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق

بۆ لاپەڕە 5



## هەڵبژاردنەکان و پرسی کورد...

**عەبدوڵا مەحمود**

بۆ لاپەڕە 8



## نا بۆهەڵبژادن.. بەڵێ بۆ کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی مافیایی حزبە بۆرژواییەکان!

**وەستا مەهدی ڕەسول**

بۆ لاپەڕە 11

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

## درێژەی.. ترس لە بەشداری نەکردن!

حکومەتی ناوەندی. لەگەڵ ئەوان سامانی تالانکراوی عێراق و قوتی منالان دابەش دەکەن و لەگەڵ خەڵکی کوردستانیش شەڕی لێسەندنەوەی دەسکەوتەکان و مافەکان و خزمەتگوزاریەکان دەکەن. شەڕی بڕینی مووچەو دانان و زیادکردنی باج و سەرانە دەکەن. شەڕی بێدەنگکردن و کپکردنی دەنگی ناڕازی و ئازادیخوازی کوردستان دەکەن. مێژووی ۳۰ ساڵی ڕابردویان و بگرە مێژووی نزیکیان بەرۆشنی ئەوەی سەلماندوە و هیچ گومانێکی لای خەڵک نەهێشتۆتەوە، هەربۆیە خەڵکی کوردستان نەک هەر توڕەیە لە خۆیان و سیاسەت و دەسەڵاتیان، بەڵکو بەشێوازی جۆراوجۆر هەوڵی گۆڕین و کۆتایی هێنانی ئەم دەسەڵاتەیان داوەو دەیدەن!. ئەمەش وایکردوە کە خەڵک هیچ بایەخێک بۆ پڕوپاگەندەو چەواشەکاریەکانیان دانانێن و بزواندنی هەستی نەتەوەیی و گەرمکردنی کوانوی رق و کینەو تەفرەقەی نەتەوەیی لەلایەن ئەو حزبانەوە فلسێکی قەڵب ناکات. ئەم ڕاستیە ترسی جدی لای حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان دروست کردوە.

بەڵام لەسەرێکی دیکەوە، گروپ و لایەنە بەناو ئۆپزیسیۆن یاخود نارازیەکان لە بەشی خۆیان لەدەسەڵاتی کوردستاندا، وەستاون کە ئەوانیش لەناو هەمان گۆڕەپانی حزبەکانی دەسەڵاتداری مافیایی و میلیشیایی کوردستاندا یاری دەکەن و دەیانەوێ گۆڵ لە خەڵکی کوردستان بکەن. بانگەشەی ئەوان دژی خەڵکی ناڕزی کە ئامادە نین بەشداری هەڵبژاردن بکەن، لەوەی یەکێتی و پارتی حەقیرانەترە! ئەوان نەک هەستی نەتەوەیی دەجولێنن، بەڵکو ئەو خەڵکە ناڕازیە لە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی کە ئامادەنین بەشداری گاڵتەجاری هەڵبژاردن بکەن، بە خزمەتکاری دەسەڵات و یەکێتی و پارتی تاوانبار دەکەن! لەم رێگایەوە دەیانەوێ خەڵک ناچاربکەن کە لە بەرژەوەندی ئەوان بەشداری بکەن و دەنگیان پێبدەن، تا بەشی خۆیان لە کێکی دەسەڵات و سامانی دزراوی خەڵکی عێراق و کوردستان بەدەست بهێنن و زیادی بکەن.

شەڕی ئەوانیش لەپاڵ دەسەڵاتدا دژی خەڵکە. ئەوان گەورەترین گورز لە خەبات و قوربانی و ئومێدەکانی خەڵکی ستەملێکراوو بێبەشی کوردستان دەوەشێنن، بەوەی کە دەیانەوێ ئەو پرۆسەی جیابونەوە سیاسیەی خەڵکی کوردستان بە قیمەتی دەیان ساڵ ئەزمونی قێزەونی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، بەدەستی هێناوە پێچەوانەوە بکەنەوە. هەوڵی ئەوان بۆئەوەیە ئەو کەلێنەی کەوتۆتە نێوان خەڵک و حزبە بۆرژواییە ناسیۆنالیست و ئیسلامیەکان و دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردەوە کەم و پڕ بکەنەوە! ئەوەش گەورەتین خیانەتە لە خەبات و تێکۆشان و قوربانیەکانی خەڵکی کوردستان و هەوڵێکی رەزیلانەیە بۆ دەستەمۆکردنەوەیان بۆ دەسەڵاتی میلیشایی کوردایەتی!

هەڵبەتە لەبەرامبەر ئەم خزمەتەی بە ئەحزابی چەکبەدەست و دەسەڵاتداری کوردستانی دەکەن، دەشیانەوێ بەشێکیان لە دەسەڵات و سامان و داهاتی دزراوی خەڵکی کوردستان دەست بکەوێ! بانگەشە و گوتاری توندی چەوشەکارانەیان بەرامبەر بە دەسەلاتی یەکێتی و پارتی و حزبە هاوبەشەکانیان لە دەسەڵاتدا، بۆ خۆکردنە بە دەمڕاستی خەڵکی ناڕازی و هەڵمژینی توڕەیی و نارەزایەتیەکانیانە دژی دەسەڵاتی نایەکسان و بۆرژوایی حزبەکانی کوردایەتی بەو ئومێدەی کە ئاسۆی شۆڕش و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی حزبەکانی بۆرژوازی کورد لە بیرکردنەوەو ئەجندای خەلکدا دەربکێشن و درێژەبدەن بە هەلومەرجی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ئێستا، کە خەڵکی کوردستان بە دەیان شێوە لەدژی هاتۆتە مەیدان و دەنگی نای بەڕودا بەرزکردۆتەوە!

☆

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی :
عوسمانی حاجی مارف
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

جێگری سکرتێر:
موحسین کەریم
ڤایبەر: 00964(0)7700475533
Email: muhsin_km@yahoo.com

ڕێکخراوی دەرەوە:
دەشتی جەمال

ئۆکتۆبەر
ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ڤایبەر: 07700475533
muhsin_km@yahoo.com
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

# شکستهێنان بەم هەڵبژاردنە ئەرکی جەماوەری نارازیە!

## عوسمانی حاجی مارف

ڕێژەی جیاوازی هەڵبژاردنی ئەم جارەی عێراق لە درێژەی تەواوی هەڵبژاردنەکانی پێشوتردا پێویستە بیناسینەوە و لێکی بدەینەوەو بەهەند وەریبگیرین و بزانین کاردانەوەمان چۆن دەبێت، چونکە واوەترە لەوەی بە بایکۆت و نەچون بۆ دەنگدان مامەڵەی بکەین، ئەم هەڵبژاردنە پێش وەخت بێت یا لەکاتی خۆیدا بێت، لە دۆخێکی نالەبارو نەگونجاوی وەهادا خراوەتە بەردەم خەڵکی عێراق، کە ئاسۆی سەقامگیری سیاسی لە سایەی دەسەڵاتی هێزە میلیشیا ئیسلامی و قەومی تائفیەکاندا بۆتە حاڵەتێکی مەحاڵ، کە لەهەر سەریکەوە جگە لە ڕامالینی دەسەڵات و هێزە میلیشیاکان هەر مامەڵەیەکی دیکە لەگەڵ ئەم هەڵبژاردنە بکرێت، قوڵبونەوەی ناجێگیری و گێژاوی سیاسی چڕتر دەکاتەوەو ئەگەری کارەساتی زیاتر دەخاتە سەر ژیانی دانیشتوانی عێراق و ئایندەیەکی مەترسیداتر بەرەورووی چارەنوسی کوردستانیش دەکاتەوە.

ئەم هەڵبژاردنە پێش وەختە بەدوای ئاڵوگۆڕێک لە هەلومەرجی سیاسی خراوەتە سەر شانۆی سیاسی لە عێراقدا کە، یەکەم: ڕاپەرین و نارەزایەتیە جەماوەریەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩، لە مەیدانی ئازادی بەغدا و شارەکانی خواروی عێراق، ڕاتەکاندن و گورزێکی وەها گەورە بو لە ئەزمونی دەسەڵاتی سیاسی تەوافقی نێوان ئەو هێزە میلیشیا ئیسلامی و تائفی و قەومیانە، کە نەتوان بە ئاسانی پشتیان ڕاست کەنەوەو جارێکی تر ناتوانن بە هەمان شێوازی کێشمەکێش و پێگەو مەوقعیەتی سیاسیان حکومەتێکی تەوافق، کە دڵخوازی تەواوی لایەنەکانی دەسەڵات و هاوسەنگی هێزەکانیان بێت پێکبهێننەوە، لەم دۆخەدا نەک قڵشتێکی گەورە کەتۆتە نێوان ئەو دەسەڵاتەو جەماوەری نارازی، بەڵکو ئاکامی جێکەوتنی ئاراستەی ئەو نارەزایەتیە لەلایەک بە خواستی پێداگری تەواو لەسەر کۆتایی هێنان بەو دەسەڵاتە و لەلایەکی ترەوە پەرچەکرداری دەسەڵات بە کوشتاری ڕیزێکی بەرین لە خەڵکی نارازی، دوژمنایەتی نێوان خەڵک و دەسەڵاتی کردۆتە زامێکی وەها گەورە هیچ جۆرە تیمارێک سارێژی ناکات، جگە لە کۆتایی هێنان و ڕامالین و "ئیرحەل" ڕێگاو چارەیەکی تر بۆ خەڵکی نارازی نەماوەتەوە.

دووەم: ئاڵوگۆڕی سیاسی لە چۆنیەتی پاشەکشەو شکستی دەوڵەتی ئەمریکا بەگشتی لە ناوچەکەداو کێشمەکێشی ئەمریکا لەبەرامبەر دەخالەتی کۆماری ئیسلامی لەناوچەکەو عێراقدا، یا بونی دەورانێکی جیاواز لە هەوڵدان بۆ ڕێکخستنەوەی دەسەڵاتیکی سیاسی لە عێراقدا، کە نادیارە لە چوارچێوەی دەخالەتی وولاتان و بودەڵی هێزە میلیشیاکانی عێراق ئاخۆ دەبێت پێکهاتەی ئەو دەسەڵاتە چۆن یەکلایی کرێتەوەو بە قازانجی کام هێزی میلیشیا دەبێت؟.

سێیەم: نەبونی هێزێکی باڵادەست و بەتواناو یەکلایی کەرەوە لە پێکهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا، تا ئێمکانی ئەوەی هەبێت هێژمۆنی مەرکەزیەت لە عێراقدا جێ بخات، لەڕێگەی هەڵبژاردن بێت یا کودەتاو شەڕی ناوخۆ لە ئێستادا هیچ هێزێک نیە لەتوانایدا بێت یەکپارچەیی و مەرکەزیەت بەرگری لێبکات، یان جێگای متمانەی تەواوی ئەمریکاو وولاتانی تری دەخالەتگەر بێت لە عێراقدا.

گەر پێناسەی هەڵبژاردنەکانی پێشوی عێراق و کوردستان لە ژێر ناوی ئەزمونی پرۆسەی دیمکراتیداو وێنایەکی کاریکاتۆریان پێ نیشاندابین و جۆرێک شەرعیەتی دەسەڵاتی میلیشیایی خۆیان بە هەڵبژاردن و چەواشەکاری و ساختە یەکلایی دەکردەوە، ئەم هەڵبژاردنە پێش وەختەی ئێستا زیاتر لە کاریکاتۆرو گاڵتەجاری وساختەکاری چەندین هەنگاوی بۆ دواوەوە ناوە، ئەو هێزە میلیشیا ئیسلامی و تائفی و قەومیانە لە هەوڵی ئەوەدان لەڕێگای سیناریۆی هەڵبژاردنەوە ڕێگایەک بۆ دەربازبون لەو قەیرانە قوڵەی دەرگیری بون بدۆزنەوە، ئەو قەیرانەی کە ناتوانن بەهەڵبژاردن یان بە هێزی چەکدارو لەشکرکێشی دەسەڵاتی سیاسیان ڕێکخەنەوە، دەیانەوێت و لەهەوڵی بێ هودەی ئەوەدان بەهەر قیمەت جارێکی تر دەسەڵاتی سیاسی لە بەرامبەر جەماوەری نارازیدا ڕێک خەنەوە، بەلام بێ ئەوەی ئاسۆیەکی ڕۆشن لەسەر چارەسەر بۆ قەیرانی دەسەڵات و چارەنوسی سیاسی لە عێراقدا لە ئاراد بێت، جگە لە چاوەڕوانیان بۆ پێشهات و ئاڵوگۆڕەکان.

نالەباری هەلومەرجی سیاسی بەدەرگیر بونی درێژماوەو بەردەوامی لە گێژاوی سیاسی و خولقاندنی ژیانێکی سەخت و دژوارو پڕ کارەسات و نائارام و مەترسی بۆ ژیانی دانیشتوانی عێراق، مایەی ئەوپەڕی بێزاری و تورەیی و نارەزایەتیەکی بەرفراوانە لە حەتمیەتی خواستی ڕوخانی ئەم دەسەڵاتەو تەواوی سیستمی سیاسیی و پێکهاتەی لە هێزە میلیشیا ئیسلامی و قەومی و تائفیەکاندا،

ئەزمونی دەسەڵاتی بۆرجوازی عێراق گەورەترین شکستی خۆی لە نمونەی دەسەڵاتی سیاسیەک نیشاندا کە ناتوانێ و ئیمکانی نیە ئەم جۆرە دەسەڵاتە ئایندەیەکی ڕۆشن لە جێگیری سیاسی دابین بکات. بە هەر ئاستێک لە ئارام بونەوەی چۆنیەتی نارەزایەتیەکان لە مەیدانی ئازادی بەغدادو شارەکانی خواروی عێراق، بەڵام نەبۆتە ئاکامێک لە ڕاگرتنی ئەوەی لە ساتە وەختێکدا شەپۆلی تەقینەوەی ڕاپەرینی جەماوەری لە مەیدانی سیاسی عێراقدا ڕاماڵینی ئەم دەسەڵاتە بکاتە ئەمری واقع، هەر بۆیە مەسەلەکە هەڵبژاردن و گاڵتەجاری و کارتۆنی پەرلەمان نیە، بەڵکو هەوڵدانە بۆ کۆتایی هێنان بە پرۆسەیەکی سیاسی کە لە دوای داگیرکاری ئەمریکا بۆ عێراق دانیشتوانی عێراقیان سەرقاڵ و چارەنوسێکی نادیار کردووە.

بانگەواز لەم هەلومەرجەدا لەهەر لایەنێکەوە بۆ بایکۆت و نەچون بۆ دەنگدان، خاڵیکی لاوازە لەو هەوڵانەی کە دەمانەوێت ئاراستەی نارەزایەتیە جەماوەریەکان بکات بۆ ئەو سەرەنجامەی کۆتایی بەم دەسەڵاتە بهێنێت، بۆیە پێوستە پێداگری و کارکردن لەسەر پەرەسەندن و ڕێکخستنی ئەو نارەزایەتیانە بکرێت، بەمانای هاتنە مەیدانی جەماوەری نارازی بۆ شکست هێنان بە هەڵبژاردن، چونکە لە ڕۆژی یەکەمی نارەزایەتیەکانی ئۆکتۆبەرەوە بانگەوازی ئەوەی تیا کرا "ئەم دەسەڵاتە دەبێت بڕوات" واتە لەباری عەمەلیەوە هەوڵدان بۆ شکست هێنان بەم هەڵبژاردنە کارسازەو ئەتوانێ ڕێرەوی نارەزایەتکان بەرەو ڕاماڵینی دەسەڵات بەرێت، بایکۆت گەڕانەوەیە بۆ پێش نارەزایەتیەکانی ئۆکتۆبەرو جیاوازی نەکردنی نێوان هەلومەرجی ئەم هەڵبژاردنەو هەلومەرجی هەڵبژاردنەکانی پێشوترە.

عێراق لە سەرو بەندی کێشمەکێشی وولاتانی زلهێزی دنیاو وولاتانی ناوچەکەدا، لەبەردەم لێواری ئاڵوگۆڕێکی سیاسی جدیدایە گەر ئاراستەی نارەزایەتیە جەماوەریەکان ئامادەسازی بۆ کۆتایی هێنان بەم دەسەڵاتە نەکاتە ئەمری واقع و ئەلتەرنەتیفی دەسەڵاتێک کە تەعبیربێت لە دەورو دەخالەت و ئیرادەی ڕاستەوخۆی خەڵک نەهێنێتە مەیدان، چینی بۆرجوازی عێراق لە فۆرمو شێوازی تردا لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەی بۆ عێراق پێشبینی دەکرێت خۆی دەگونجێنێت. ئەم هەڵبژاردنە لە دۆخ و زنجیرەی ئەو ئاڵوگۆڕانەدا کاری لەسەر دەکرێت کە پارێزگاری لەو مەترسیانە بکات دەسەڵاتی بۆرجوازی بەرەورویەتی. بۆیە بانگەوازی بایکۆت لەبەرامبەر ئەم هەڵبژاردنەدا درک نەکردنە بەو ئاڵوگۆڕانەو ئەو هەلومەرجە سیاسیەی شکستی ئەم هەڵبژاردنەی هەرلەسەرەتاوە کردۆتە حەتمی قوڵبونەوەی قەیرانی زیاتری دەسەڵاتی سیاسی.

مەسەلەیەک کە پێویستە قسەی لەسەر بکەین جێگەو ڕێگەو دەورو کاریگەری ئەم هەڵبژاردنەی عێراقە لەسەر کوردستان، بەتایبەتی کە حزبەکانی کوردیەتی ئەم جارەش بەهەر کێشەو ئاڵوگۆڕێک کە لەبەردەم ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی عێراقدایە، جارێکی تر پەیمانی سیاسەتی پاشکۆبونیان بە چارەنوسی نادیاری عێراقەوە گرێ ئەدەنەوەو لە ئامادەسازیدان بۆ بەشداری لە هەڵبژاردن و قەیرانی بێ کۆتایی ئەم دەسەڵاتەی ئێستای عێراقدا، گەر لەو جێگایەوە کە هەڵویست و کاردانەوەی سیاسیمان بەرامبەر ئەم هەڵبژاردنە لە عێراقدا لەسەر بنەمای ئەو هەلومەرجانەی پێشتر ئاماژەمان پیدا، هەوڵدانە بۆ شکست پیهێنانی هەڵبژاردن و ڕەتکردنەوەی تەواوی پرۆسەی سیاسی و ڕاماڵینی دەسەڵاتی سیاسی عێراق، بۆیە بەهەمان شێوە جەماوەری نارازی کوردستان کە ئێستا پێویستە لە بەرامبەر هەڵبژاردنەکانی عێراقدا هەمان هەڵویست و پشتیوانی وپەرچکرداری سیاسیان بێت لە شکست پیهێنانی هەڵبژاردن و هەوڵدان بۆ ڕەتکردنەوەی پرۆسەی سیاسی و ڕاماڵینی دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا، لە هەمان کاتدا پەرەدانی نارەزایەتیەکان بە ئاراستەی ڕێگە گرتنی حزبەکانی کوردایەتی بۆ بەشداریان لەو هەڵبژاردنەدا، واتە بە هەمان شێوە بایکۆت و بەشداری نەکردن لەدەنگدان لە کوردستانیشدا ناتوانێ لە پرۆسەی وەڵامدەرەوەی کۆتاییهێنان بێت بەدەسەڵاتی سیاسی لە عێراق و لە کوردستاندا.

★

**هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق، ڕێک بە ئامانجی وەشاندنی دوا زەبرە لە بزوتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵک و خرۆشانە جەماوەریەکانی ساڵی ٢٠١٩ کە دەسەڵاتی بۆرژوازی لە عێراق گیرۆدەی قەیران کردو حکومەتەکەی پێچایەوە! بۆ ئەوەیە کە فەزای ناڕەزایەتی جەماوەری خامۆش بکات و ئەگەرەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشی جەماوەری چینی کرێکار و زەحمەتکێشی عێراق لە دژی دەسەڵاتی تاڵانچی و چەکبەدەستی بۆرژوازی دوور بخاتەوە.**

# گفتوگۆی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر لەگەڵ خەسرەو سایە سەبارەت بە هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق

**ئۆکتۆبەر: پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق دەستی پێکردوە. حزب و لایەنە بۆرژواییەکانی کوردستان، بە ئیسلامی و ناسیۆنالیستیەوە بانگەوازی خەڵک دەکەن بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن و وەکو ئەرکێکی نەتەوەیی ناوزدەی دەکەن، گوایە ئەم هەڵبژاردنە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستانە بەرامبەر بە دوژمنانی گەلی کورد لە بەغدا کە چاویان بە مافەکانی خەڵکی کوردستان هەڵنایەت؟ دەوترێ ئەم هەڵبژاردنە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان نیە تا وەکو تۆڵەکردنەوە لە حزبە دەسەڵاتدارەکان بەشداری نەکەن. ڕای ئێوە لەسەر ئەمجۆرە بانگەشانە چیە؟**

خەسرەو سایە: سەرەتا ئەوە بڵێم کەئەم جۆرە پڕوپاگەندانە ڕیسواو سواوەو زیاتر لەبنبەست و قەیرانی دەسەڵاتدارێتیەوە سەرچاوە دەگرێ و ئێستاش لەپەیوەند بەسیناریۆی هەڵبژاردنەوە دەدرێتەوە بەگوێی خەڵکدا. بەڵام ئامانجەکانی پشتی ئەم جۆرە لەپروپاگەندە چیە؟

ئاشکرایە کە نارەزایەتی جەماوەر بۆ نانو کارو خزمەتگوزاری کردەیەکی هەرساتەیەو ڕۆژ نیە لەم شارو لەو شارۆچکەیە، لەم زانکۆ وکارگەو گەڕەکە ڕێگاکان نەبەستێ وتوڕەیی و بێزاری ڕووبەڕوی چینی دەسەلاتدار نەکاتەوە. ئەمەش ئەو ڕاستیەمان پێدەڵێت کە دەورەی ئێستا ڕەوتی خەباتی چینایەتی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی، بەخواستی وەلانانی ئەم دەسەڵاتە گەیاندووە و ئەو ترسەی خستۆتە دڵی چینی دەسەڵاتدارەوە، کەدرەنگ یان زوو لەگەڵ هەڵسانێکی جەماوەری بەرەوڕوودەکاتەوە. هەربۆیە هەموو حزبەکانی بەشدار لەم سیناریۆ گاڵتەجاریەدا کەناویان ناوە هەڵبژرادن، هەوڵ بۆئەوە دەدەن تا ئەم ترسەی سەرسەریان بڕەویننەوە، بۆ ئەمەش دەست بۆ پڕوپاگەندەی پوچی لەم جۆرە دەبەن تا بتوانن ڕێچکەی نارەزایەتیەکانی خەڵک بەلاڕێدا ببەن و ڕایان کێشنە ناو هەمان ئەو چوارچێوەیەوە کەبۆ مانەوەی دەسەڵاتەکەیان کێشاویانە. لەلایەکی ترەوە ئەم جۆرە پڕوپاگەندانە بۆ ئەوەیە کەچینی دەسەڵاتدار، بەخەڵک بڵێ کە هیچ ڕێگایەکیتر نیە لەبەردەمتاندا جگە لەو یاریە سیاسیەی حزبەکان کەناویان ناوە"دیموکراسی و دەنگدان"، بەم جۆرەش باسی شۆڕش و ڕاپەڕین ببەنە دەرەوەی ویستو شعوری جەماوەرەوە. ئەمە لەکاتێکدایە کەخەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش ئەزمونی ئەوەیان کردووە کە نە پەرلەمان و نە دیموکراسی و نەدەنگدان، هیچ شتێکی لەژیانی ئەوان نەگۆڕیوە، بگرە تاهاتوە، هەڵبژاردن لەدوای هەڵبژاردن، باری سەرشانیان قورستر بووە. لەوەها دۆخێکیشدا دەستبردن بۆ پڕوپاگەندەی پوچی قەومی و فریودان و هەڵخەلەتاندنی خەڵک بۆتە سیاسەتی هاوبەشی هەموو ئەم لایەنانە و بەهەمویان هەوڵدەدەن جەماوەر چەواشە بکەن و تەسلیمیان بکەن بەسیاسەتەکانی خۆیان و لەئەنجامیشدا ڕەوتی نارەزایەتیەکانیان لە پڕوپاگەندەی لەم جۆرە، بخنکێنن.

لەبارەی ئەوەشەوە کەدەڵێن " ئەم هەڵبژاردنە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستانە بەرامبەر بە دوژمنانی گەلی کورد لە بەغدا"، وەڵامی هەر کەسێکی سادەش، ئەوەیە کە ئەوە حزبەکانی نێو دەسەڵاتە کە دەیانەوێت بەناوی "بەرژەوەندەیە نەتەوەییەکانەوە" خۆیان بکەنە نوێنەری خەڵکی کوردستان، تا کۆمپانیاکانی خۆیان بچەرخێنن و دەرفەت بۆ تالانی و گەندەڵی بەناوی هەر ئەو خەڵکە هەژارو برسی و بێکارەوە بڕەخسێنن، کە٣٠ ساڵە لەسەرەتاییترین مافو ئاستی بژێوی بێبەشن. ئاخر کام دەوڵەت و کام بەشە لەچینی دەسەڵاتدار لەدونیادا بەناوی هەموو کۆمەلگاو میللەت و نەتەوەوە قسەی نەکردوەو لەژێر هەر ئەم ناوەشدا، شەڕی بەرژەوەندیەکانی خۆی نەکردوە و دواجاریش هاوڵاتیانی بندەستیشی گیردۆدە نەکردوە بە هەزارویەک دەردومەینەتی! ئایا ئەوانەی دەم لە"پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەییەوە" دەکوتن، هەر ئەوانە نەبون کە لەناوەڕاستی شەقامدا مامۆستای نارازیان دایە بەرشەق وشەریفترین ئینسانی ئەم "نەتەوە"یەیان خستە زیندانەوە؟ پاشان دەبێ بپرسین ئەگەر دوژمنانی کورد لەبەغدایە، ئیتر بۆ خەڵک بەرەو بەغدا ڕادەکێشن؟ بۆچی داوایان لێدەکرێ دەنگی ئەوان بکەنە ڕێگای گەرانەوە بۆ"پەرلەمان و دیموکراسیەک کە دەستەوتاقمی دوژمن بە"گەلی کورد" تێدا زۆرینەو باڵادەست دەبن؟. ئایا خەڵکی کوردستان ئەو ڕاستیە نابینن کە لایەنگرانی"بەرژەوەندیەکانی نەتەوەی کورد" چۆن هەردوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەکان، بەئاشکرا و لەپشتی پەردەوە دەست بۆ هەر ئەو "دوژمنانەی گەلی کورد" درێژدەکەن و دەکەنە ڕێکەوتن و ساتو سەوداوە تا پلەوپۆست و داهات بەدەستبهێنن! ڕاستیەکەی ئەوەیە کاتێک حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و بەشدار لەهەڵبژاردنەکاندا، باس لە بەرژەوەندی نەتەوەیی دەکەن، مەبەستیان بەرژەوەندی

⇦

خۆیانە و کاتێکیش باس لە دوژمنانی گەلی کورد دەکەن مەبەستیان دۆستەکانی خۆیانە. ئەوان بەم پروپاگەندە پوچانە دەیانەوێت خەڵکی کوردستان بکەنە وەسیلەی شەڕی بەدەستهێنانی بەرژەوەندیەکانی خۆیان لە بەغداو لە کوردستانیش دەست نەپارێزن لەداسەپاندنی سەرکوت و هەژاری وبێکاری ستەم و چەوسانەوە، بەسەر زۆرینەی هاوڵاتیاندا. بۆیە دەبێ خەڵکی کوردستان بەم قسانە بڕوانەکەن و بەهێنانە مەیدانی ڕیزی ناڕەزایەتیان و توندکردنەوەی خەباتیان کۆتایی بەوجودی خۆیان و دەسەڵاتە گەندەڵەکەیان بهێنن وتۆڵەیان لێبکەنەوە.

**ئۆکتۆبەر: لە بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و عێراقدا باس لەوە دەکرێ کە ئەم هەڵبژاردنەی عێراق ئامانجی تێپەڕاندنی ئەو قەیرانە سیاسی و حکومەتیەیە کە بەهۆی خرۆشانە جەماوەریەکانی ساڵی ٢٠١٩ وە دەسەڵاتی میلیشیایی تائیفی بۆرژوازی عێراقی گیرۆدەکردوە و دامەزراندنەوەی سەقامگیری سیاسی و حکومەتیە بۆ چینی بۆرژوازی لە عێراق. دەکرێ ئەم پرسە زیاتر روون بکەنەوە، بەتایبەتی کە ئێستا جموجوڵە جەماوەریەکان خامۆش بونەتەوەو ئەو فاکتەرەی کە حکومەتی تووشی قەیران کرد رەنگە نەمابێت یان ئەو کاریگەریەی نەمابێت.**

خەسرەو سایە: ئەوەی ئەم هەڵبژاردنە لەهەر هەڵبژاردنێکی نورماڵ و دەورەیی کەهەرچوار ساڵ جارێک بەڕێوە دەبرێ، جیادەکاتەوە ئەوەیەکە:

یەکەم: ئەم هەڵبژاردنەی کە بڕیارە لەمانگی ئۆکتۆبەردا سازبدرێت، بۆ هێنانەسەرکاری حکومەتێکە کە ئیعتباری قانونی هەبێ و بەقسەی لایەنەکان "ئیعتباری دەنگی خەڵکی" لەپشت بێت. بەتایبەتی کە حکومەتەکەی کازمی حکومەتێکی کاتیە و بەڕێکەوتنی لایەنەکان و ڕەزامەندی ئەمریکاو ئێران، بەدوای لەسەر کارلابردنی عادل عەبدول مەهدی و ڕەتکردنەوەی ژمارەیەک لە کاندیدەکانی پۆستی سەرۆک وەزیران، بازەکە بەسەریەوە نیشتەوە. بەم جۆرەش ئەم هەڵبژاردنەی ئێستا بۆ پڕکردنەوەی ئەو قەیرانە حکومەتیەیە کە لەعێراقدا هاتوتە کایەوە. لەیەک وتەدا ئەم هەڵبژاردنە بۆ تێپەڕینە لەم قەیرانە و هێنانە سەرکاری حکومەتێک کە لەئاست پەیوەندیە نیودەولەتیەکاندا ئیعتباری دەنگدەری لەپشتبێت، وەک ئەوەی کەبانگەشەی بۆدەکەن.

دووەم: ئەم هەڵبژاردنە لەدەورەیەکدا دەستی بۆدەبرێ کە جولانەوەیەکی جەماوەری ناوەندی شەقامی شارەکانی گرت و کاریگەری لەسەر دەسەلات و هێزهاوسەنگی نێوان حزبەکان دانا و گیرۆدەی کردن بەقەیرانێکی حکومەتی. ئەگەرچی ئەم جولانەوەیە سەرکوتکراوە و بەو ئاستەی کەپێشتر لەمەیداندا بوو نەماوە، بەلام هێشتا فشارەکانی لەسەر پرۆسەی سیاسی لەعێراق هەستپێکراوەو بەحوکمی ئەو گێژاو و بنبەستەی کە چینی دەسەڵاتدارو ئەحزابی شیعی و سوننی و ناسیونالیزمی کورد لەگەڵی بەرەوڕون، هەروەها بەحوکمی ئەوەی کە ئابوری عێراق گیرۆدەیە بەقەیرانێکی قولو هەمەلایەنەو چینی دەسەڵاتدار لەئاست وەڵامدانەوە بەخواستەکەنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بێتواناو دەستەوەستانە، هێشتا جولانەوەی نارەزایەتی جەماوەری ئەو قابلیەتەی هەیە پەرەبسەنێ و بەرە لەژێر پێی هەمو لایەنەکاندا دەربکێشێ و گشت پرۆسەی سیاسی و سیناریۆی هەلبژاردنیان بەشکست بکێشێت.

سێهەم: تا ئەو جێگەیەی بەکوردستان دەگەڕیتەوە، ئەم هەڵبژاردنە، بۆ پێناسەکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغدایە. بەتایبەتی کە لەدوای ڕوداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر و دواتریش وەلانانی حکومەتەکەی عادل عەبدول مەهدی، هەموو ئەو ڕێکەوتنانەی هەڵوەشاندەوە کە پەیوەندیەکانی نیوان هەولێرو بەغدای لەسەر هەڵچنرابوو. ئەمەش هاوکێشەی هێزی بەزیانی دەسەلات لەهەرێم و ئیختیاراتەکانی، گۆڕیوەو تەوازنی هێزی نێوان ئەحزابی ناسیونالیستی کوردو حزبەکانی لەعێراق بردۆتە قۆناغیکی تازەوە. بەڕادەیەک کە ئەمڕۆ کوردستان لەحالەتێکی چاوەڕوانیدا بەدیار داهاتوی دەسەلات و حکومەت لەعێراقدا ڕاگیراوە. ئەوەی کە ئەحزبی ناسیونالیستی کورد دەیلێت کەئەم هەڵبژاردنە بۆ "بەهێزکردنی پێگەی کوردە لەبەغدا" لەڕاستیدا بۆ دوبارە پێناسەکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغدایە، بۆ هێنانەکایەوەی پەیوەندیەکی تازەی نێوان ئەحزابی ناسیونالیستی کوردە لەگەڵ ئەحزابی باڵادەستی شیعە و سوننەو هێزە میلیشیایەکان و ڕزگاربونیانە لەو تەنگانەیەی کە لەئێستادا تێی کەوتون. بێگومان هەموو ئەمانەش دورونزیک پەیوەندیان نیە بە خەڵکی کوردستان و ئەو خواستانەوە کە ڕۆژانە ڕووبەڕوی دەسەڵاتدارانی دەکەنەوە. ئێمە هەر دوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و کوردستان لەسەر بنەمای ئەم لێکدانەوەیە بۆ ڕەوتی خەباتی چینایەتی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش و ئاستی نارەزایەتیەکانیان دۆخەکە دەبینین و هەلوێست وەردەگرین نەک لەچوارچێوەی بەشداریکردن ونەکردن لەم هەڵبژاردنەدا.

**ئۆکتۆبەر: لە بەیاننامەکەی هەردوو حزبدا باس لەوە دەکرێت کە بایکۆت ناتوانێ وەڵامی سیاسی دروست بێت بەرانبەر بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، چونکە بارودۆخی سیاسی عێراق دوای خرۆشانە جەماوەریەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ سەرجەم پرۆسەی سیاسی تێپەڕاندوەو ئەمەش بە گرتنەپێشی سیاسەتی بەشداری**

**نەکردنی هەڵبژاردن وەڵام نادرێتەوە. دەکرێ سەبارەت بە چیکردن بەرامبەر بەم هەڵبژاردنە رونکردنەوەی زیاتر و کۆنکرێتتر بخەنەروو؟**

خەسرەو سایە: سەرەتا بەرجەستەکردنەوەی خاڵێک بەگرنگ دەزانم ئەویش ئەوەیە کە گرێی سەرەکی ئێستای خەباتی چینایەتی هەم لەعێراق وهەم لەکوردستان، دەسەڵاتە. واتە لەهەر دولا دوو حکومەتی قەیرانگرتوو لەئارادایە، کە بنبەست و شکستخواردووەو گیرۆدەیە بە تەنگانەیەکی هەمەلایەنەو چ لەرووی ئابوریەوە و چ لەروی سیاسی و ئیدرایەوە، تەنانەت لەرووی ئایدیۆلۆژیەوە بێتوانایە و قابلیەتەکانی خۆیان لە بەرێوەبردنی کۆمەڵگاو وەڵامدانەوە بە ژیان و بژێوی و خواستی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش لەدەستداوە. لەلایەکیترەوە ئەم دوو حکومەتە لەگەڵ نارەزایەتیەکی قوڵ و فراوانی کۆمەلایەتی بەرەورووەو خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش دەورەیەک لەراپەرین و هاتنەمەیدانی جەماوەریان پشت سەرناوە. دیارە چارەسەری دۆخێکی ئاوا لەروانگەی چینی کرێکارو جەماوەری نارازیەوە بەتاکتیکی بەشداریکردن وەیا بەشداری نەکردن لەهەڵبژاردنیکدا وەڵام وەرناگرێتەوە. بەپێچەوانەوە ئەوە چینی بۆرژوازی و حزبەکانی نێو هەر دوو حکومەتی عێراق وکوردستانن کەدەیانەوێت لەرێگای هەڵبژاردنەوە باز بدەن بەسەر ئەم واقعیەتانەداو خەڵکی لەو چوارچێوەیەدا رابگرن کە ناویان ناوە"پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی". لەکاتێکدا ئەم پرۆسەیەو ئەو حکومەتە دیموکراسیە بنبەستو شکستخواردوە. هەربۆیە تاکتیکی بایکۆت ناتوانێ سیاسەتێکی دروست و پێشرەوانە بێت بەئاراستەی بردنەپێشەوەی خەبات بۆ یەکلاکردنەوەی دەسەڵات و بەدیهێنانی خواستی خەڵکی نارازی. ئەوانەی باس لەبایکۆتی هەڵبژاردن دەکەن، پێیزانن یان نا، لەپێشەوە مانەوە درێژەکێشانی "پرۆسەی سیاسی" و ئەو چوارچێوەیەی کە چینی بۆرژوازی وحزبەکانی دیارییان کردوە، قەبوڵ کردوەو مەسەلەی گۆرینی دەسەڵاتی ئێستا بەدەسەڵاتێکی جەماوەری پشتگوێ دەخەن وسەرەنجام رێگا دەکەنەوە تا چینی بۆرژوازی و حزبە بەشدارەکان لەم هەڵبژاردنەدا، حکومەت سازبدەنەوە. ئێوە بیهێننە بەرچاوی خۆتان ئەگەر لەسەدا نەوەدو نۆی دەنگدەران نەچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان، ئەوا حزبە بەشدارەکان هەر دەچنە پای قەبولکردنی ئەنجامەکان و حکومەتی تازە پێکدەهێنن و پۆست و ئیمتیازاتەکان لەنێوان خۆیاندا دابەشدەکەنەوە. لەمەشدا نەک هەر هیچ شتێک لەژیانی خەلک ناگۆردرێ، بگرە سیاسەتێکی پێشرەوانەش بەئاراستەی بردنە پێشەوەی خەباتی جەماوەری و نارەزایەتیەکانیان ناباتەپێشەوە. لەیەک وتەدا مەسەلەی دەسەڵات وخەبات بۆ وەلانانی چ لە کوردستان و چ لە عێراق بەر لە هەڵبژاردنەکان مەسەلەیەکی سەرەکی بەردەم خەباتی چینایەتی کرێکارو جەماوەری نارازی و ئەو جوڵانەوەیەیە کە مەیدانی شارەکانی بەغداو ناسریەو بەسراو سلێمانی وهەولێر و سەیدسادق و رانیەو گەرمیانی...گرتوە. ئێستاش بەهاتنەکایەی هەڵبژاردن نەهیچ لەم مەسەلەیە دەگۆرێ، و نە بایکۆتیش ئەم خەباتە بەرەوپێشەوە دەبات. ئەگەر کورتی بکەمەوە سیاسەتی دروست لەبەرامبەر ئەم هەڵبژاردنەدا، هەوڵدانە بۆ بەشکستکێشانی گشت پرۆسەی سیاسی لەعێراق و ئەو سیناریۆیەی کەحزبەکان ناویان ناوە هەڵبژاردن. ئەمەش لەرێگای پەرەدان بەنارەزایەتیە جەماوەریەکانی ئێستاو رێکخراوکردن و دابینکردنی رابەریەکی پەیگیرە بۆی.

لەبارەی ئەوەوە کەدەبێ لەبەرانبەر ئەم هەڵبژاردنەدا چی بکرێ، سەرەتا دەبێ ئەو ئاسۆ و سیاسەتە بەدەستەوە بگیرێ کەراستەوخۆ خواستی وەلانانی دەسەلاتی چ لەکوردستان و چ لەعیراقدا، بەدەستەوە گرتوە. هاوکات لەبەرامبەریدا بەدیلی جەماوەری؛ واتە دەسەڵاتدارێتی جەماوەری رێکخراو لەشوراو ئەنجومەنەکاندا بخرێتەروو، بۆ ئەمەش پێویستە هەوڵبدرێت نارەزایەتیە جەماوەریەکانی ئێستا، لە پەرشوبلاوی دەربکێشرێت و سەراسەری بکرێتەوە ورابەریەکی جەسور و راوەستاوی بۆ زامن بکرێ و رێگا نەدرێ موجازەفە بەخەباتی خەڵکەوە بکرێ. هاوکات دەبێ کاربکرێت بۆ کۆکردنەوەو لێکهەڵپێکانی دەستەو کۆروکۆمەڵەکان و سەرەنجام دەورانی پروپاگەندەکردنی حزبەکان بۆ هەڵبژاردن بکرێتە فرسەتێک بۆ هێنانە مەیدانی خەڵکی نارازی لەدەوری خواستەکانیان، لەناوەندەکانی کار، لەگەرەک و زانکۆ و بەرێوەبەرایەتیەکان، لە ناوەندی شارەکان و لەجەرگەی ئەم خەباتەدا، کۆبونەوە گشتیەکانی جەماوەر و هەڵبژاردنی نوێنەران لەئاستێکی بەریندا سازبدرێن و ئەمەش بکرێتە بنەمای کۆنترۆڵ و بەرێوەبردن.. ئەمانەو گەلێک کاری تر دەتوانێ سەرخەتی کاری ئەم دەورەیە بێت، کە لەدواجاردا خەباتی چینایەتی لەبەرامبەر دەسەڵاتدا بباتە قۆناغیکی ترەوە..

**بژاردەی چینی کریکار و جەماوەری بێبەشی کوردستان، بەشداریکردن لەگاڵتەجاری هەڵبژاردنی حزبە مافیایی و دزەکاندا نییە، بەڵکو راماڵین و سپاردنی تۆمەتبارانیانە بەدادگای عادلانەی جەماوەری!**

# هەڵبژاردنەکان و پرسی کورد...

عەبدوڵا مەحمود

لەگەڵ دەسپێکی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان، و وەرێخستنی ماشینی تەبلیغاتی و هەمە چەشنەدا، جارێکی تر پرسی نەتەوەیی و کێشەی سیاسی خەڵکی کوردستان، لەلایەن حزب و لایەنە سیاسیە بۆرژوازییەکانی کوردەوە، بەتایبەتیش یەکێتی و پارتیەوە بەدەستەوە گیراوە.

چ یەکێتی و چ پارتی بەشێوەی تۆختر و چڕتر، لەباس و وەسفی گرنگی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدا بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە ئەم هەڵبژاردنە بۆ پێگەی کورد چارەنووسازە، دەڵێن ئەم هەڵبژاردنە بۆ پەرلەمانی عیراقە و چەندە کورسیەکانی کورد لە پەرلەمانی عێراقدا زۆرتر بێت، بەسودی پرسی نەتەوەیی و خەڵکی کوردستانە و دەتوانرێت لە رێگایەوە بەرگری لە دەستکەوتەکانی کورد بکرێت، کە لەدەستوردا!! جێگیر کراوە.

دیارە بەدەستەوە گرتنی کەیسی سیاسی خەڵکی کوردستان و پرسێکی چارەسەنەکراوی وەکو کێشەی کورد، لەلایەن بزوتنەوەی بۆرژوازی کورد و حزبەکانیەوە، لەلایەکەوە بۆ ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان بەو پرسە رابکێشنە پای سندوقەکانی دەنگدان. دەزانن خەڵکی کوردستان بەشداری هەڵبژاردنەکان ناکەن و هیچ متمانەیەکیان بە حزبەکان نەماوە، بۆیە دەیانەوێت لەو رێگایەوە و بە بزواندنی هەست و نەستی نەتەوەیی و خستنەرووی مێژووی دەیان ساڵەی ستەمی نەتەوەیی، خەڵکی کوردستان قانع بکەن کە بەشداری هەڵبژاردن بکەن.

لەلایەکی تریشەوە پرسی سیاسی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان هێشتا وەڵامێکی کارسازی وەرنەگرتۆتەوە و بەشێوەیەکی هەڵواسراو لە کایەی سیاسی نێوان ناوەند و هەرێمدا، جێگای مامەڵەیە بۆ ئامانجی تر. هاوکاتیش هێشتا پرسی ئاییندەی سیاسی کوردستان بەرەوکوێ دەچێت و چی بەسەر دێت، پرسێکی زیندووە. پرسێکە هاوتای کێشەی فەلەستین تا بەچارەسەری شیاو نەگات، ناوچەکە ناتوانێت ئارامی بەخۆیەوە ببینێت...

بۆرژوازی کورد و حزبەکانی، چارەسەری پرسی سیاسی خەڵکی کوردستان، دەبەستنەوە بە رێژەی کورسیەکانی کورد لە پەرلەمان و بەبوونی چەند وەزیرو پۆستێک لە بەغدا، لەکاتێکدا پرسی سیاسی خەڵکی کوردستان لەدوو رێگا زیاتری لەبەردەمدا نییە، یان بوونەوە بەبەشێک لە عێراق، کە دەسەڵات و سیستەمی سیاسی مافی هاوڵاتی بوونی یەکسان بۆ سەرجەم دانیشتوانی عیراق بەبێ گوێدان بە ناسنامەی قەومی بەرەسمی بناسێت، یان کوردستان جیاببێتەوە و ببێتە وڵاتێکی بە فەرمی ناسراوی نێو دەوڵەتی.

لەهەلومەرجی ئێستای عێراقدا، کەدەسەڵاتی سیاسی لەدەستی چەند حزبێکی میلیشیایی و نۆکەرپیشەدایە، کە لەسەر بنەمای قەومی و تایفی و مەزهەبی دامەزراون و باسی مافی هاوڵاتی یەکسان و کوێرکردنەوەی ناسنامە قەومی و دینی وتایفییەکان، بەتایبەتیش بە فەرمی ناسینی مافی هاوڵاتی یەکسان بۆ هاوڵاتیانی عێراق بەبێ جیاوازی لە وەهم وەهمترە. دیارە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیش دوورو نزیک بەدوای چارەسەری سیاسی خەڵکی کوردستانەوە نین و نەبوون. بەدرێژایی مێژووی بزوتنەوەی کوردایەتی، حزبەکان و رابەرانی ئەم بزوتنەوەیە، بەدوای بەشداری لەدەسەڵاتی ناوەندیدا بوون و نوێنەری چینەداراکان و بۆرژوازی کورد بوون، کە بەرژەوەندی خۆیان بە تیکەڵکردن لەگەڵ بۆرژوازی سەراسەری و عێراقیدا بینیوەتەوە، هەر ئەوەشە وای کردووە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی ببنە کۆسپی بەردەم چارەسەری پرسی سیاسی خەڵکی کوردسان و قوڵکردنەوە و ئاڵۆزکردنی کێشەی نەتەوەیی و دنەدانی قڵشت و جیاکاری نەتەوەیی و پەرەپێدانی تا رادەی خستنەوەی دوژمنایەتی لەنێوان دانیشتوانی عێراق...

خودی فیدرالیزمی قەومی بەخشینی چوارچێوەی یاسایی بوو بەو قڵشت و جیاکارییە و بەردەوامی پێ بەخشینی.

دیارە لەوکاتەوەی دەوڵەتی عێراق پێکهاتووە، هەمیشە کەسانی کورد زمان پۆستی جیاجیان لە عێراقدا هەبووە، هەرگیزیش ئەمە بەمانای نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان و مافەکانی نەبووە. لەدوای روخاندنی دەسەڵاتی بەعسیشەوە کە زیاتر لە دەیەو نیوێکە، دیسان حزبە کوردیەکان چەندین پۆستیان لە وەزارەتخانەکان و دەیان کورسیشیان لە پەرلەماندا هەبووە، سەرۆک کۆمار کورد بووە، کەچی هیچکام لەوانە نەک نەبوونەتە رێگا و هۆکارێک بۆ بەرگری لە خواست و ویستەکانی خەڵکی کوردستان و نوێنەرایەتی کردنی پرسی سیاسی، بەڵکو تا هاتووە پرسی سیاسی خەڵکی کوردستانیان بە بارمتە گرتووە بۆ ئامانجەکانی خۆیان، کە بەشداربوون بووە لە دزی وتاڵانی داهاتی عێراق بۆ خۆیان و بۆ حزبەکانیان، هاوکات رەوایەتی و درێژەدان بەدەسەڵاتی رەشی بەزۆر داسەپاویان بەسەر خەڵکی کوردستاندا پێ پاساو داوە. تا هاتووشە پێگەی هەرێمی کوردستانیان بەرەو لاوازی پەلکێش کردووەو هیچ ئاییندەیەکی دیار و رۆشنیشیان بۆ ئایندە سیاسیەکەی نییە، بەپێچەوانەوە گەورەو بچوکی سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی و نووسەرانیان، پیداگری لەسەر زۆر بوونی مەترسییەکان تا رادەی لە بەینچوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان، دەکەن.

حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی دەسەڵات، ئەگەر بودجەو مانگانە ٢٠٠ ملیار دینارییان لە کاتی خۆیدا بۆ بنێرن، نەک باسێک لەسەر پرسی سیاسی خەڵکی

# نا بۆ “هەڵبژاردن” نا بۆ “پڕۆسەی سیاسی” ئیتر کاتی کۆتاییهێنانە بە دەسەڵاتی گەندەڵکاران، نۆرەی دەسەڵاتداریتی جەماوەریە!

## بەیاننامەی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و کوردستان سەبارەت بە هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق

جارێکی تر چینی دەسەڵاتدار لە عێراق و کوردستان بە هەموو ڕەوتە ئیسلامی و قەومی و تایفەگەری و هێزە میلیشیاییەکانیانەوە، سیناریۆی گاڵتەجارێ هەڵبژاردنیان بۆ فریودانی خەڵک و پەلکێشکردنەوەیان بۆ نێو زەلکاوی پڕۆسەی سیاسی شکستخواردویان بەدەستەوە گرتەوە. ئەمەش لە دۆخێکدایە کە کۆمەڵگەی عێراق سەراپا غەرقی فەوزایەکی ئەمنییە و ڕۆژانە دەستی تیرۆر و تۆقاندنی گروپە میلیشیاییەکان و هێزە ئەمنیەکان تا ئەوپەڕی خۆی درێژدەبێ بۆ سەر گیانی ژنان و لاوانی ناڕازی و هەڵسوراوانی سیاسی و جەماوەری. لە دۆخێکدا کە هێزەکانی ئەمریکا و ئێران و دەخالەتی دەوڵەتانی ناوچەکە و کێشە و ناکۆکی نێوانیان، ڕۆڵی کاریگەری هەیە لەسەر دیاریکردنی داهاتوی عێراق.

بەڵام ئەم هەڵبژاردنەی کە بڕیارە لە مانگی ئۆکتۆبەردا بەڕێوەبچێت لە بنەڕەتەوە بۆ دەربازکردنی چینی دەسەڵاتدار و حکومەتە فاشیلەکەیانە لەو قەیرانە سیاسی و ئابوریە قوڵەی کە تادێت کۆمەڵگای عێراق و جەماوەری بەشمەینەت ڕادەکێشێتە نێو دۆخێکی نائەمنی و شەڕ و پێکدادان و تیرۆر و هەژاری و برسێتی و بێکاریەوە. چینی دەسەڵاتدار و هەموو ئەو ڕەوتانەی کە لە پڕۆسەی سیاسیدا بەشدارن دەیانەوێت لەڕێگای ئەم هەڵبژرادنەوە، جوڵانەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری زەحمەتکێش، بەلاڕێدا ببەن و ڕایانبکێشنە نێو ئەو یاریە سیاسیە پوچەوە کە ناویان ناوە “پڕۆسەی دیموکراسی و هەڵبژاردن” تا دەسەڵات و سیستەمەکەیان، لەو قەیرانەی تێیکەوتووە ڕزگاربکەن و دەنگی هاوڵاتیانی ناڕازی بکەنە پەنجەمۆری شەرعیەتدانەوە بە خۆیان و لە سایەیدا جارێکی تر کورسیەکانی دەسەڵات و سەرچاوەکانی داهات دابەشبکەنەوە و بۆ چوارساڵی تر خەڵکی هەژار و برسی چ لە عێراق و چ لەکوردستان، لەنێو زەلکاوی ⇦ ⇨ کوردستان و ناوچەی کێشە لەسەر و ئاسایکردنەوەی کەرکوک ناکەن، بەڵکو ئامادەن هەر هێز ولایەنێک باسی چارەسەری پرسی سیاسی کوردسانی کرد و ڕیگاچارەو پراکتیکی بۆی خستە دەستورەوە، هیرش بکەنەسەری. لەوەش زیاتر ئامادەن مەئموریەتی سەرکوتی بزوتنەوەی دژی ستەمی نەتەوایەتی لە پارچەکانی تری کوردستانیشدا بگرنە ئەستۆ.

حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و کاندیداکانیان دوور ونزیک نوینەرایەتی پرس و خواستە سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و کیشەی سیاسی خەلکی کوردستان ناکەن... ئەمانە نوێنەری حزبەکانی بۆژوازی کوردو کۆمەڵیک سەرمایەدارن کە دەیانەوێت بەخۆ هەڵواسین بە پرسی رەوای خەڵکی کوردستانەوە، ئامانجەکانی بۆرژوازی کورد بەدی بێنن، کە شەریک بوونە لەگەڵ ڕەوتە سیاسی وبۆژوازییە ڕەنگاو ڕەنگە قەومی و تایفی و دینی و مەزهەبیە کۆنەپەرستەکانی عێراقدا، لە پێناو پۆست و داهات و بەش پێبڕان بە دزی و تالانی. بیگومان وەڵامی کارساز بە پرسی سیاسی خەلکی کوردستان و کێشەی کورد، بەرە لە ژێر پێی بزوتنەوەی کوردایەتی دەردەکێشێت و تەکان و پێشرەویش دەبەخشێت بە بزوتنەوەی کرێکاری و جەماوەری. خەڵکی کوردستان نابێت فریوی بانگەشەی درۆزنانەی حزبەکانی بزوتنەوەی بۆرژوازی کورد بخۆن... چۆن ڕەتکرنەوەی دەنگدان و ریسواکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن بە هۆکاری زۆر سادەی سەرکوت و بیمافی ودزی و تالانی و نۆکەرپیشەیی لە کوردستاندا، خەریکە دەبێتە نەریتێک لە درێژەی بزوتنەوەی نارەزایەتیدا بۆ ڕامالینی دەسەڵات، ئاواش ریسواکردنی دەسەلات و دەنگ نەدان و بەشکست کیشانی هەڵبژاردن و کاندیداکانیان بەهۆکاری ئەوە لە بەغدا خەریکن مامەڵە بە پرسی سیاسی خەڵکی کوردستانەوە دەکەن، دەبێتە تەواوکەری ئەو بزوتنەوەیەی کە لەهیچ ئاستێکدا خەڵکی کوردستان متمانەیان بەو دەسەڵات و هێزانە نییە و لەپەیوەند بەهیچ کەیسێکیشەوە، نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان ناکەن و ژیان و مانەوەیان لەسەر بنەمای سەرکوت و بیمافی و نۆکەرپیشەیی و کۆسپ خستنە سەر ڕێگای چارەسەری پرسی کوردە.

دیارە چارەسەری پرسی نەتەوەیی چ لە کوردستان و چ لە هەرگۆشەیەکی دنیادا، لە توانای بزوتنەوە بۆرژوازییەکاندا نییە و وەڵامی ئەو پرسە کەوتۆتە سەرشانی چینی کرێکار و هیزە چەپ و کۆمۆنیستەکان.

٢٥/٩/٢٠٢١

نائارامی و گەندەڵی و تاڵانچێتی و نەبوونی خزمەیگوزاری و بێکاری و هەژاریدا رابگرن. ئەمە لەکاتیکدایە کە کەس نازانێت ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە چ شەڕ و ناکۆکی و ئاژاوەیەکی بەدواوە دەبێت.

لەلایەکی ترەوە ئەم هەڵبژاردنە لە دەورەیەکدا دەستی بۆ براوە کە خەبات و ناڕەزایەتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر و هاتنەمەیدانی بە کۆمەڵیان لە ناوەندی شارەکاندا پشت سەرناوە، کە توانی حکومەتەکەی عادل عەبدول مەهدی وەلابنێ و چینی دەسەڵاتدار و دەسەڵاتەکەی بخاتە نێو قەیرانێکی حکومەتی بێچارەوە. ئەم جوڵانەوەیە کە تائێستاش درێژەی هەیە و هەر ڕۆژە یەخەی دەسەڵاتداران دەگرێ و هاوکات خواستی کۆتاییهێنان بە سەرتاپای پرۆسەی سیاسی و سیستەمێک کە سەرچاوەی گەندەڵی و تاڵانچێتی و ناعەدالەتی و هەژاری و بێکاریە، لە دەرەوەی بازنەی هەڵبژاردن و سیناریۆی دەسەڵات و خانەوادەی چینی بۆرژوازی، بۆ ئاڵوگۆڕی ریشەیی و بۆ ئازادی و یەکسانی و باشبژێوی دەروانێ. بەمجۆرەش پرسیاری سەرەکی بەردەم خەباتی چینایەتی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش بەشداریکردن و بەشداری نەکردن نییە لەم هەڵبژاردنە پووچ و فریوکارانەیەدا، بەڵکو پرسیارەکە چۆنیەتی بەدەستەوەگرتنی ئامانج و خواستەکانی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر و ناڕەزایەتیەکانی ئێستایە، بەرەو کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ئێستا و دامەزراندنی دەسەڵاتداریتی جەماوەریە لە شوراکانی خۆیاندا.

**کرێکاران، زەحمەتکێشان، خەڵکی ئازادیخواز!**

بڕاردەی ئێمە خەڵکی نارازی، هەڵبژاردن نیە، بەڵکو فراوانکردنەوەی ناڕەزایەتیە جەماوەریەکانی ئێستامانە لە بەرامبەر سیناریۆی هەڵبژاردنی گەندەڵکاراندا. ئێمە ژنان و لاوان و جەماوەری زەحمەتکێش چ لە عێراق و چ لە کوردستان، ئەمنیەت و ئازادی و خۆشگوزەرانیمان دەوێت، سیستەمێکمان دەوێت کە یەکسانی و مافی ئینسانی و هاوڵاتیبون ڕێزی لێبگیرێت، هەر بۆیە وەڵامی ئێمە بە سیناریۆی هەڵبژاردنی دەسەڵاتداران، توندکردنەوەی خەبات و ناڕەزایەتیەکانمانە لەپێناو ڕوخانی دەسەڵات و هەڵگەڕانەوەی ئەم سیستەمە گەندەڵ و چەوسێنەرەیە کە ژیانی زۆرینەی کۆمەڵگای هاڕیوە. ئەگەر چینی دەسەڵاتدار بۆ ئامانجی گڵاوی خۆیان و کۆتوبەندکردنی ئێمە لەم زەلکاوەی دەسەڵاتەکەیاندا بریاری دەهۆڵ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن دەکوتن، ئەوا ئێمە دەبێ ڕۆژانی هەڵبژاردن بکەینە فرسەتێک بۆ هێنانەمەیدانی ڕیزی ناڕەزایەتیمان بەرامبەر بەو دۆخە ناهەموارەی ئێستامان. دەبێ لە درێژەی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەردا بە جوڵانەوەی ناڕەزایەتیەکانمان بۆ نان و کار و ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی پەرەپێبدەین و لەم ڕێگایەوە سیناریۆی هەڵبژاردنەکەیان بە شکستدا بکێشین.

دیموکراسی و پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردن و سندوقەکانی دەنگدان، مایەپوچی و بێئاکامی خۆی ئەزمون کردووە و ئیتر نۆرەی بەدەستەوەگرتنی کۆمەڵگایە لەلایەن نوێنەرانی جەماوەری ڕێکخراو لە شورا و ئەنجومەنە شۆڕشگێڕیەکاندا.

ئەوانەی بایکۆتی هەڵبژاردنیان کردوتە هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بەم هەڵبژاردنە و داوادەکەن "خەڵک بەشداری دەنگدان نەکات"، لەگەڵ ئەوەدا پشت لە دەورەیەک لە خەبات و ناڕەزایەتیە جەماوەریەکانی ڕابردو و ئێستامان دەکەن و باز بەسەر ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر و ئامانجەکانیدا دەدەن، بەم یان بەو شێوەیە، بانگەوازی ئێمە دەکەن بۆ مانەوەمان لە چوارچێوەی هەمان پرۆسەی سیاسی و سیستەمێکی گەندەڵ و شکستخواردوودا، بە تایبەتی کە چینی دەسەڵاتدار، بە هەموو دەستەوتاقمی ئیسلامی و قەم و تایفەگەری و میلیشیایەکانیانەوە، بڕیاریانداوە ڕێز لە زۆرینەی دەنگی هاوڵاتیان نەگرن و بە کەمترین ڕێژەی بەشداربوان دەسەڵاتی خۆیان سازبدەنەوە و شەرعیەتی پێبدەن. کەواتە با ڕۆژەکانی دەنگدان و هەڵبژاردن، بکەینە ڕۆژی درێژەدان بە ناڕەزایەتیەکانمان، ڕۆژی سازدانی کۆبوونەوە گشتیەکان و هەڵبژاردنی نوێنەرانمان، ڕۆژی کۆبوونەوە لەدەوری ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی، ڕۆژی خەبات بۆ دەستکۆتاکردنی دەسەڵاتی گەندەڵکاران و هێنانەکایەوەی دەسەڵاتداریتی جەماوەریمان.

هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستان، لە ڕیزی پێشەوەی جەماوەردا بۆ بردنە پێشەوە و بەسەرکەوتن گەیاندنی ئەم خەباتە و ئەم ئاراستەیە ڕادەوەستن. هاوکات چینی کرێکار و سەرجەم بێبەشان و جەماوەری زەحمەتکێش، بانگەوازدەکەن کە فریوی دەستی گەندەڵکاران نەخۆن و بە بەرەودان بە خەبات و ناڕەزایەتیەکانی خۆیان و کۆبونەوەیان لەدەوری ئەم سیاسەتە، شکست بەم سیناریۆ گاڵتەجاریە بدەن.

**نا بۆ هەڵبژاردن.. نابۆ پرۆسەی سیاسی!**

**بەڵێ بۆ دەسەڵاتداریتی ڕاستەوخۆی جەماوەری!**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**سێپتێمبەری ٢٠٢١**

**خەڵکی عێراق و کوردستان، گەورەترین قوربانی دەستی حزب و لایەنە میلیشیاییەکان و ئۆپۆزیسیۆنی بودەڵەی بۆرژوازین، دەبێ بەهێزی ڕیکخراوی جەماوەری رابماڵرین.**

# نا بۆهەڵبژاردن.. بەڵێ بۆ کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی مافیایی حزبە بۆرژواییەکان!

وەستا مەهدی رەسول

ئەم رۆژانە کە لە هەڵبژاردن نزیک دەبینەوە تەواوی میدیاکان رۆژانە بەشێک لە بەرنامەکانیان تەرخانکردووە بۆکاندیدو کەسایەتیە سیاسیەکانی ئەوحزب و لایەنانەی کە دەیانەوێت بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران بکەن و وەک جاران هەرکەسولایەنێک بەجۆرێک دەستیان کردووە بە هەڵرشتنی قسەی باقوبریق و دانی وەعدوبەڵێن بەخەڵک کە ئەگەر دەنگیان پێبدەن ئەوا جواب بەداواکانیان دەدەنەوە. سەرەرای ئەوەی کە زۆرباش ئەوە دەزانن کە بەشی هەرەزۆری خەڵک تەنانەت ئەوانەش کە هەوادارى خۆیانن ،بۆیان مەعلومە کە چوون بۆ سەر سندوقەکان دەردی ئەوان چارەسەرناکات .

بانگەشەی ئەمجارە و ئیدعاکانی کاندیدو حزبەکانی بەشدار لە پرۆسەی هەڵبژاردن جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ ئەوانەی پێشوتر. ئەم دەسەڵاتدارانەی هەرێم ئەم جارە خەڵک بەوە دەترسێنن کە ئەگەر بەشداری نەکەن ئەوە تاوانێکی گەورەیەو گوناه باردەبن! دەشڵێن ئەگەر لەم هەڵبژاردنە تەبانەبین ومالی کورد رێک نەخەینەوە ئەوە ناتوانین مافەکانمان لە بەغدا وەرگرین! هەندێکیش لەو لایەنانەی وەک ئۆپۆزسیون خۆیان نیشاندەدەن، سەرەرای ئەوەی کە بۆخۆشیان بەشدارن لەدەسەڵاتدا، کەچی باسی گەندەڵی وجەردەیی و راوروتی ئەوانی تردەکەن وەک ئەوەی کە خۆیان زۆر دەست پاک بن و بەشێک نەبن لەم دۆخەی کە خەڵکیان تێدا راگرتووە.

هەندێک لە پروپاگەندەکانی بانگەشەی ئەمجارە هەڵدانەوەی لاپەرەکانی خەباتی شاخە و پەنابردنە بۆکەسوکاری شەهیدان و سەردانی ماڵەوماڵی کاندیدو کادری ئەم حزبانەیە بۆئاشتکردنەوەی خەڵک! ئەمانە بەهەروەسیلەیەک کە بۆیان بکرێت دەیانەوێ لانی کەم ئەندام وهەوادارەکانی سەبە خۆیان بەرنە سەرسندوقەکان. ئەگەر لێیان رۆشن بوایە کە هەوادارانی خۆیان دەنگیان پێدەدەن ئەوە هیچ خۆیان بەم بانگەشەیەوە ماندوو نەدەکرد،بەڵام دەزانن کە چەندە خەڵک لێیان پرەو تەنها بۆفرسەتێک دەگەرێن کە بەتەواوی لایان بەرن، بۆیە ئەم بانگەشەیە دەکەن. ئەمە پەلەقاژەی ئەمانەیە بۆیە لەخەڵک و هەوادارانی خۆشیان دەپارێنەوە!

ئەم هەڵبژاردنە و بانگەشەش بۆهەڵبژاردن جیاوازە و لەکاتێکدا کە خرۆشانی خەڵکی نارازی لەشارەکانی ناوەراست و خواروی عێراق لە راپەرینی ئۆکتۆبەر زۆری نەمابو بەتەواوەتی دەسەڵات لەم چینە سیاسیە وەرگرێ هەرلەژێر فشاری ئەو جەماوەرە نارازیە خرۆشاوەدا بو کە حوکمەتەکەی عادل عەبدلمەهدی هەڵوەشایەوە و بەدەستێوەردانی راستەوخۆی هێزە هەرێمی ونێودەوڵەتیەکان توانیان دروشمی هەڵبژاردنی پێشوەخت بهێنە ناو مەیدانەکانی خۆپیشاندانەکان و لەژێرفشاری تیرۆرو تۆقاندنا پاشەکشەیان بەخەڵکی نارازی کرد . لەکوردستانیش بەهەمان شێوە خەڵک نارازی و پرە لەم دەسەڵاتە. ئەمجارە چینی سیاسی پشتیان بەوەبەستووە گوایە چاودێرانێک لە نەتەوە یەککرتوەکان بەشداردەبن و خەریکن وانیشان دەدەن کە دوای هەڵبژاردن جۆرێک لە جێگیری سیاسی لەعێراق دابین دەبێت. بەم جۆرە دەیانەوێت خەڵک راکێشن بۆسەرسندوق و بەهەرنرخێک بێت پرۆسەی هەڵبژاردن بەسەرکەوتن بگەیین. ئەمەسەرای ئەوەی کە هیچ مەعلوم نییە دوای هەڵبژاردن چی دەقەومێ و چۆن دەتوانن حوکمەت پێک بهێنن.

خەڵک و بەتایبەت کرێکاران باش دەزانن کە ماوەی سی ساڵ لەکوردستان و لەعێراقی دوای سەدامیش پەرلەمان هەیەو هێشتا نەیانتوانیوە یەک یاسا بەقازانجی خەڵکی کرێکارو موچەخۆردەربکەن. ئەوەی کە کابینەکانی پەرلەمان کردویانە هەرهەموی بەقازانجی سەرمایەداران بووەو هۆکارێک بووە بۆکەڵەکەی سەرمایەکانیان، بۆیە هەڵبژاردن زۆر بێبایەخ سەیر دەکەن. لە پرسیارێکدا کە من وەک سەرنوسەری دەنگی کرێکار ئاراستەی بەشێک لەکرێکارانم کرد سەبارەت بە هەڵبژاردن، وەلامەکان یەک شت بوون؛ ئەویش بێبایەخ سەیرکردنی پەرلەمان و نەچون بۆهەڵبژادن بوو. هەندێک لەکرێکاران ئەوەندە رۆشنن کە پێیانوایە تەنها بەخەباتی خۆیان دەتوانن ژیانیان باش بکەن، کۆبونەوە لەدەوری یەکتر وکۆتای هێنان بەم مەهزەلەی هەڵبژاردن و پەرلەمانە بەتاکە رێگە دەزانن و کار بۆئەوە دەکەن.

هەندێک دەڵێن نابۆهەڵبژادن بەڵێ بۆکۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی ئەم حزبانە، ئیتر نۆرەی خۆمانە!

★

**کرێکاران! جەماوەری بەشمەینەت! دەسەڵات تەمەنی خۆی کردووە**
**ئیتر نۆرەی دەسەڵاتداریّتی خەڵکە!**

# کێ خزمەتکاری دەسەڵاتە، جەماوەری نارازی یان شاسوار؟

بنار مستەفا



ئێوارەی ٢٢ی مانگ شاسوار عەبدولواحید، سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ ئەوانەی بە خزمەتکاری دەسەڵات لە قەڵەمدا، کە ئامادە نین دەنگ بدەن. هاوکات گرنگی دەنگدانی بە ئەگەری نەگۆڕینی دەسەڵاتیش بەوە هەژمار کرد، کە "گەر ملیۆنێک دەنگی "نا" بە دەسەڵات هەبێت، دەسەڵات بە ئاگا دێتەوە." پاشانیش گوتی "دوای دەنگدان ئیتر کاری تۆ (دەنگدەر) تەواو دەبێت". هەر لەسەر ئەم قسانەی خۆی، بزانین کێ خزمەتی دەسەڵات دەکات؟

سەرەتا سەیر نییە، کە جەماوەری نارەزای بە لایەنگری دەسەڵات تۆمەتبار بکرێت. لایەنەکانی بەشداربووی هەڵبژاردن بە ئاگان لەوەی ئامادەیی جەماوەر بۆ بەشداری لە هەڵبژاردن یەکجار لاوازە، بۆیە بە هەموویان کەوتوونەتە هەڵمەتی جۆراوجۆر، تا خەڵکی بۆ سەر سندوقەکانی دەسەڵات کێش بکەن و مۆرێک بدەن لە دەسەڵاتێک، کە ٣٠ ساڵە ژیانی خەڵک دەهاڕێ. لەم هەڵمەتەدا، شاسوار وەک ئەڵقەی تەواوکەری دەسەڵات، کەوتۆتە فریودانی خەڵک و دەیەوێت ڕایانکێشێتە هەمان ئەو چوارچێوەیەوە، کە ئەحزابی دەسەڵاتدار کێشاویانە و بە ناوی "دیموکراسی" و دەنگدان'ەوە زنجیری خستوتە دەستوپێی زۆرینەی کۆمەڵگاوە. جیاوازیەک، کە شاسوار لە دوو بنەماڵە جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە بە بەرگی "نارازی" لە دەسەڵات"ەوە کەوتوتە تۆمەتبارکردنی خەڵک. ئەگەر کەسێک ئاگاداری دۆخی کوردستان و عێراق نەبێت و گوێبیستی قسەکانی شاسوار بێت، وەها تێدەگات، کە دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی کوردستان و عێراق بە دەنگی خەڵکی گەشتوونەتە ئەو پێگەیە. یان کەس ئاگای لەوە نییە، کە پێشتر هەر لە کوردستان لایەنێکی تری هاوشێوەی نەوەی نوێ هەبووە، کە وەک لایەنێکی نارازی بە دەسەڵات و ناوی ئۆپۆزیسیۆنی دایە پاڵ خۆی و هەمان شێوەی شاسوار عەبدولواحید پروپاگەندەی هەڵخەڵەتێنەرانەی لە دژی دەسەڵات کرد و دواتریش کلکی خۆی لەگەڵ حزبەکانی دەسەڵاتدا گرێ داوەتەوە. لە ڕاستیدا ئەوەی شاسواری ناچار کردووە بەم زمانە دژی خەڵکی قسە بەکات، تەنها لەبەر ئەو ڕاستیەیە، کە جەماوەری نارازی درکیان بە پووچی سیناریۆی هەڵبژاردن کردووە و بە حەق شکستهێنانی ئەو سیناریۆیە بە سەرکەوتنی خۆیان دەبینن و ئەستەمیشە ئەم تۆمەتانەی شاسوار ساردیان بکاتەوە.

ئەگەرچی ئەمە هەڵبژاردنی پەلەمانی عێراقە و لە باشترین حاڵەتی ئەنجامدانیدا هەر ئەوەی لێ سەوزدەبێت، کە کورسیەکان بەسەر کۆمەڵێک حزب و لایەنی گەندەڵ و تالانچیدا دابەش بکەن. ئەم ڕاستیە هەر لە ئێستاوە لە لای خەڵک ڕۆشن و دەرکپێکراوە. بەم حاڵەوەیە، کە نەوەی نوێ لە پاڵ لایەنەکانی دەسەڵاتدا وەستاوە و چۆتە نێو هەمان یاری سیاسیەوە، کە ناویان ناوە هەڵبژاردن و هەر وەک ئەم حزبانە کەوتۆتە بانگەشەکردن بۆ خەڵک، تا بەشداری لە هەڵبژاردن و سیناریۆیەکدا بکەن کە پەیوەندی بە ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە نییە. بەم جۆرەش ئەو قسەیەی شاسوار، کە دەڵێت "بەشداری نەکردنی خەڵکی خزمەتە بە دەسەڵات" ڕێک پێچەوانەکەی دروستە. ئەوە خودی حزبەکانی دەسەڵاتە، کە داوا دەکەن خەڵکی بەشداری هەڵبژاردنەکان بکات، تا چوار ساڵی تر بە ناوی دەنگی خەڵکیەوە بەردەوامی بە دەسەڵاتی میلیشیایان بدەن. بەشداریکردن شەرعیەتدانە بە بەردەوامی بەم دەسەڵاتە! لە کوردستان دەسەڵاتداران تەواو بە ئاگان لە نارەزایەتی جەماوەری خەڵکی و ترسی واقعیان لێی هەیە. پێویستی بە ملیۆنێک دەنگی سندوقەکان نییە بۆ ئاگاداربوون لێی.

شاسوار نەیتوانی ئامانجی ڕاستەقینەی خزمەتی بە دەسەڵات بشارێتەوە و بە دەنگدەرانی گوت "کاری تۆ پاش دەنگدان تەواو دەبێت". دروست هەر ئەوەی دەسەڵات دەیەوێت، کە خەڵکی نارازی تا چوار ساڵی تر بێدەنگ بن و نارەزایەتی دەرنەبڕن و چاوەڕوانی هەڵبژاردنی داهاتوو بن و دەنگێکی تر بدەن... لە کاتێکدا خەبات و تێکۆشانی جەماوەری نارازی لە کوردستان ڕۆژانەیە و لە بەرانبەر دەسەڵاتدا قەراری گرتووە. هەوڵی شاسوار بۆ بەشداریکردنی خەڵک لە هەڵبژاردندا، هەوڵی سەرکوتکردنی ئەم نارەزایەتیانەی جەماوەری هەژار و بێکار و برسی و تووڕەیە لە دەسەڵات. هەوڵیکە بۆ ئەوەی لە چاوەڕوانیدا بۆ چوار ساڵی ئایندە بە دیار ئەم سیستەمە گەندەڵ و تالانچیەوە ڕایان بگرێت. ئایا ئەمە لەقازانجی کێیە؟ جگە لە ڕیزی کۆمپانیاکان و ئەو حزبانەی لەم پرۆسەیەدا بەشدارن، کە شاسوار و نەوەی نوێ یەکێک لە لایەن و کۆمپانیاکانی ئەم ڕیزەیە؟

★

**هەڵبژاردن دەست بۆ پایەی سیستەمی سیاسی و چینایەتی نابات، بەڵکو لە مەترسی شۆڕش دەیپارێزێت!**